# کاریگەریی ڕەگەزەکانی ئاووهەوا لەسەر جۆرەکانی تاوان لە پارێزگای سلێمانی

نصر عمر خدر
کۆلێژی زاستە مرۆڤایەتییەکان
زانکۆی سلێمانی/ بەشی:جوگرافیا

پ.ی.د. پاکیزە عەزیز سعید
کۆلێژی زاستە مرۆڤایەتییەکان
زانکۆی سلێمانی/ بەشی: جوگرافیا

بەرواری وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٥/٦/١٥ بەرواری وەرگرتنی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٥/٩/١

**پوختە**

ڕەگەزەکانی ئاووهەوا کاریگەری زۆری هەیە لەسەر کۆی چالاکییە مرۆییەکان، بەتایبەتی جێگیربوون و هاوسەنگی دەروونی تاک، خستنەڕو و دەرخستی ڕۆڵی ڕەگەزەکانی ئاووهەوا لەسەر دیاردەی تاوان گرنگی زۆری هەیە، بۆ زانینی مەودای کاریگەری ئەو ڕەگەزانەو جیاوازی زیادبوونی جۆرێکی تایبەت لەتاوان بە پێی جیاوازی و ئاستی کاریگەرێتی هەر ڕەگەزێک لەرەگەزەکانی ئاووهەوا، توێژینەوەکە بە (ناونیشانی کاریگەریی ڕەگەزەکانی ئاووهەوا لەسەر جۆرەکانی تاوان لە پارێزگای سلێمانی)دا ئەنجام دراوە، پارێزگای سلێمانی لەڕووی شوێنی ئەسترۆنۆمیەوە دەکەوێتە نێوان بازنەی پانی (36°30'41"N - 34°55'11"N)ی باکور و هێلەکانی درێژی (46°20'56"E - 44°37'54"E) خۆرهەڵات، ڕووبەری ناوچەی توێژینەوە (14047.97) کیلۆمەتر دووجایەو لەڕووی کارگێڕیەوە لە (١٣) قەزا پێکدێت، توێژینەوەکە دابەشکراوە بۆ سێ تەوەری سەرەکی، تەوەری یەکەم: شیکردنەوەی چەمکی تاوان و گرنگترین ئەو بیردۆزانەی کە تایبەتمەندییەکانی تاوانبار شیدەکاتەوە، تەوەری دووەم: تایبەتمەندیی ئاووهەواو پەیوەندی لەنێوان ڕەگەزەکانی ئاووهەوا و دیارەی تاوان و تێکڕای جۆرەکانی تاوان بەپێی وەرزەکان لەپارێزگای سلێمانیدا، بۆ مەبەستی زیاتر ڕوونکردنەوەو شیکردنەوەی داتاو زانیارییەکان، توێژەران پشتیان بەستووە بە میتۆدی وەسفکاری و شیکاری و بەراوردکاری، لە دەرئەنجامی توێژینەوەکەدا توێژەران گەشتوون بەوەی کە جیاوازی بەرچاو هەیە لە بەرزبوونەوەی ڕێژەی تاوان و جۆرەکانی بە پێی جیاوازی لە وەرزەکانی ساڵدا لە لایەک، لە لایەکی ترەوە ڕەگەزەکانی ئاووهەوا کاریگەری زۆری هەیە لەسەر دروستبوونی هەڵسوکەوت و ڕەفتاری تاوانکاری و هۆکارێکی یارمەتیدەرە بۆ ئەنجامدانی تاوان، چونکە کاردەکاتە سەر ئارامی فیسۆلۆجی مرۆڤ.

**کلیلە وشە:**

( گۆڕانی ئاووهەوا _ پارێزگای سلێمانی _ تاوان _ تیوری پەرتەوازەیی کۆمەڵایەتی_تیوری ململانێی کەلتوری)

sjh@univsul.edu.iq

**پێشەکی**

مرۆڤ و هەرچی زیندەوەران هەن لەسەر گۆی ئەم زەوییەدا، بەشێوەیەکی ڕاستەخۆ یان ناڕاستەوخۆ ژیان و گەشەکردن و زۆربوون و کەمبوونەوەو لەناوچونیان دەکەوێتە ژێر کاریگەری کۆمەڵێک هۆکار، ئەم هۆکارانەش لە کاریگەرییەکانی ئاووهەواو ڕەگەزەکانی ناتوانن بەدەربن، دیاردەی تاوان و تاوانکاری کە لە ئەنجامی تێکچوونی باری دەروونی تاکەوە بیرۆکەکەی دروست دەبێت و دواجار پرۆسەکە جێبەجێ دەکرێت، ناتوانرێت داببڕینرێت لە کاریگەری ئاووهەواو ڕەگەزەکانی، ئەو توێژینەوانەی لەبواری تاوانناسی دا ئەنجام دراون کاریگەری ڕەگەزەکانی ئاووهەوایان لەسەر ڕێژەو جۆری تاوان سەلماندووە، بۆیە لەڕێگەی ئەم توێژینەیەوە هەوڵ ئەدەین تیشک بخەینە سەر کاریگەریی ڕەگەزەکانی ئاووهەوا لەسەر دیاردەی تاوان لەڕووی (جۆر و ڕێژە)وە.

**یەکەم/ گرنگی بابەتەکە**

گرنگی بابەتەکە لەڕوانگەی تێکەڵکردنی بە بەرژەوەندی جیهانی و زانستە کۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەتیش تێکەڵکردنی زانستی جوگرافیا بە تاوانناسییەوە زیاتر دەردەکەوێت، هەڵبژاردنی ئەم بابەتە گرنگی زیاتری دەبێت، بەهۆی کەمی سەرچاوەی زانستی لەسەر کاریگەری ڕەگەزەکانی ئاووهەوا لەسەر دیاردەی تاوان بەگشتی، ئەم توێژینەوەیە ئەکرێت ببێت بە بەردی بناغەی توێژنەوەی زانستی یاسایی و جوگرافی، وە توێژەرەوان سودی لێ ببین لەلێکۆڵینەوەکانیاندا.

**دووەم/ کێشەی توێژینەوە**

کێشەی توێژینەوەکە لەم چەند پرسیارەدا بخەینەڕوو

1 - ئایا پەیوەندی هەیە لە نێوان گۆڕانی ئاووهەواو دیاردەی تاوان؟

2 - ئایا جیاوازی وەرزەکان چۆن کاریگەری دەکاتە سەر دیاردەی تاوان لەڕووی جۆرو ژمارە لە پارێزگای سلێمانی؟

3 - ئەو ڕەگەزانەی ئاووهەوا کامانەن کە کاریگەری دەکەنە سەر تاوان و ئەنجامدانی ڕەفتاری تاوانکاری؟

**سێیەم/ گریمانەی توێژینەوەکە**

چارەسەرکردنی سەرەتایی پێشبینیکراوە بۆ کێشەکانی توێژینەوەکە، کە توێژەر ئەتوانیت لەسەر بنەمای ئەو زانیاریانەی بەدەست هاتووە لەسەر توێژینەوەکە بیخاتەڕوو، ئەم توێژنەوەیەش چەند گریمانەیەک لەخۆ دەگرێت:

1 - گۆڕانکاری ئاووهەواو ڕەگەزەکانی کاریکەری ڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر زیادبوون ڕێژەی تاوان.

2 - بەپێی جیاوازی ڕەگەزەکانی ئاووهەوا جۆرو قەبارەی تاوانەکان جیاوازدەبن.

3 - هەموو ڕەگەزەکانی ئاووهەوا کاریگەری دەکەنە سەر دیاردەی تاوانی و جۆرەکانی بەتایبەتی هەریەک لە ڕەگەزەکانی (تیشکی خۆر و پلەی گەرمی و بەهەڵمبوون).

**چوارەم/ هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە:**

أ- **هۆکاری زانستی:** هەستکردنی توێژەر بەمەترسی زۆربوونی ڕێژەی تاوان و جۆرەکانی لەژێر کاریگەری ڕەگەزەکانی ئاووهەواو ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەریاندا دێت.

ب- **پاڵنەری خودی:** پێویستی کۆمەڵ و گۆمەڵگا بە توێژینەوە بۆ دەرخستن و خستنەڕووی ئەو فاکتەرە جوگرافیانەی کە کاریگەری دەکەنەسەر دیاردەی تاوان، ئەنجامدانی توێژنەوەیەکی زانستی لەم ڕووەوە وەکو کەسێکی پسپۆڕی دانیشتووی پارێزگاکە.

**پێنجەم/ میتۆدی توێژینەوەکە**

هەموو توێژینەوەیەک پێویستی بەمیتۆدێک یاخود چەند میتۆدێک هەیە، بەمەبەستی زیاتر خستنەڕووی زانیارییەکان و شیکردنەوەیان، ئەوا لەم توێژینەوەدا پشتمان بەستووە بە میتۆدی وەسفکاری و شیکاری و بەراوردکاری.

**شەشەم/ چوارچێوەی کاتی توێژینەوەکە**

لەتوێژنەوەکەدا ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠١٤ - ٢٠٢٤)وەرگیراوە.


**حەوتەم/ شوێن و سنورو ڕووبەری ناوچەی توێژینەوەکە**

پارێزگای سلێمانی دەکەویتە ڕۆژهەلاتی هەرێمی کوردستان و باکوری ڕۆژهەڵاتی عێراق، لەڕوژهەلات و باکوری ڕۆژهەلات کۆماری ئیسلامی ئیرانە، لە باکوری ڕۆژئاوا پارێزگای هەولێرە، لە ڕۆژئاواو باشوری ڕۆژئاوای پارێزگای کەرکوکە، لەباشورەوە ئیدارەی گەرمیانە. شوێنی ئەسترۆنۆمی پارێزگای سلێمانی دەکەوێتە نێوان بازنەی پانی (34°55'11"N - 36°30'41"N)ی باکورو هێلەکانی درێژی (44°37'54"E - 46°20'56"E) خۆرهەڵات، ڕووبەری ناوچەی توێژینەوە (14280) کیلۆمەتر دووجایەو لەڕووی کارگێڕیەوە لە (١٣) قەزا پێکدێت، ئەوانیش بریتین لە (قەزای سەنتەری سلێمانی و قەرەداغ و پێنجوێن و شارباژێڕو ماوەت و دوکان و دەربەندیخان و شارەزوورو سەیدسادق و چەمچەماڵ و پشدەرو ڕانیە و بازیان) ، بڕوانە نەخشەی ژمارە (١)، ژمارەی دانیشتوانەکەی بەپێی دواین ئاماری ساڵی (٢٠٢٤) دەگاتە (2,501,115).



SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**نەخشەی ژمارە (١) شوێنی ئەسترۆنۆمی و جوگرافی و ناوچەی لێکۆڵینەوە**




سەرچاوە/ کاری توێژەر پشت بەستن بە:

1 - حکومەتی هەریمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی هونەری، ٢٠٢٤.

2 - بەکارهێنانی بەرنامەی Arc Gis 10.8

**تەوەری یەکەم: شیکردنەوەی چەمکی تاوان و گرنگترین ئەو پیردۆزانەی کە تایبەتمەندییەکانی تاوانبار شیدەکاتەوە**

**یەکەم/ شیکردنەوەی چەمکی تاوان**

بەگشتی جیاوزی زۆر دەبینرێت لە بۆچوونەکان سەبارەت بە پێناسەی دیاردەی تاوان، بەم شێوەیەی خوارەوە دەیخەینەڕوو:

**1 - پێناسەی گشتی بۆ دیاردەی تاوان:**

بریتییە لە هەر پێشێلکاریەک بۆ یاساکان کە ڕەفتاری مرۆڤەکان لەکۆمەڵگادا ڕێک دەخات، کردارێکە یان ڕەفتارێکی تاکە کەسیە یان بەشیوەی گروپ و بەکۆمەڵە، بەشیوەیەکی راستەخۆ پێشێلکردنی ئەوەیە کە یاسا دایناوە بەژینگەیەکی کۆمەڵایەتیدا ئەنجام دەدرێت (أحمد ر.، ٢٠١٠، صفحة ١٠١)، تاوان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە، بەجۆرێک لەڕەفتاری نائاسایی

ناسراوە، کە هیچ کۆمەڵگایەکی مرۆیی لێی بێبەش نییە، جا ئەو کۆمەڵگایە سەرەتایی بێت یان کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو بێت(الصفان، ١٩٩٦، الصفحات ١-٢)، تاوان هەر هەڵەیەکە کە لەبەرامبەر کۆمەڵگا ئەنجامبدرێت سزا دەدرێت، ئەو هەڵەیەش رەنگە بەرامبەر کەسێکی دیاریکراو یان دژی کۆمەڵە کەسێک بێت، ئەمەش بە کارێکی نایاسایی دادەنرێت، لەلایەن دەسەڵاتێکی تاوانکارییەوە بەئەنجام گەینراوەو بەپیاسا سزاکەی دیاریکراوە(الزهراني، ٢٠٢٤، صفحة ١١٩٩)، هەر کردارێکە کە نوێنەرایەتی دەستدرێژیکردنە سەر (جەستە یان ڕووح یان عەقڵ یان شەرەف) یان پارەو موڵکی مرۆڤ دەکات، بەگشتی تاوان هەر پێشێلکاریەکە بەرامبەر یاساو ڕێساکان جا ئەو یاساو ڕێسایانە یاسا ئاسمانییەکان ئیلاهی لە (ئاین)یەوە سەرچاوەیان گرتبێت یان سەرچاوەکەی یاسا ئەرێنییەکان یان داب و نەریت بێت(طلعت، ٢٠٠٩، صفحة ١٠٩).

### 2 - دیاردەی تاوان لەڕووی زمانەوانیەوە:

دیاردەی تاوان لەڕووی زمانەوانیەوە بەمانای سەرپێچی دێت، بۆیە دەڵێن (تاوان سەرپێچیەو گوناهە، هەموو تاوان و تاوانکاریەک، سەرپێچی و لادانە)(الأفريقي، ٢٠٠٥، صفحة ١٢٩)، لەنێو ماناکانی تاوان لەزماندا وشەی (تاوان)جێگەی ئەو بنەمایە ئەگرێتەوە کە تۆمەتەکی لەسەر بنیاد نراوە، واتاکانی تری بریتییە لە لێپرسینەوە یان سزادان، یان هەر کارێک کە دژی یاسا بێت یان پێچەوانەی یاسا بێت، هەروەها هەر کردیەکی خراپەکاری یان هەرگوناهێک یان هەرکارێکی نارەوا بەتاوان ناوئەبرێت(فوزية، ١٩٨٥، صفحة ١٩٨٥).

### 3 - دیاردەی تاوان لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە:

لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە زانای کۆمەڵناسی (تارد)، بەوە پێناسەی کردووە، کەیەکێکە لەدیاردە کۆمەڵایەتییەکان لەبنەڕەتدا لەڕێگەی لاسایی کردنەوەوە ڕەگ و ڕیشەی لەکۆمەڵگادا داکوتیوە، بەڵام بە بیروبۆچوونی زانا (کارڤۆ) کردەوەیەکی زیان بەخشە، کەهەستی کەسانی بەرامبەر لە کۆمەڵگادا بریندار دەکات و ئازاریان ئەدات (العبداللة ن.، ٢٠١١، صفحة ١٣٢)، هەردوو زانا (تشیرز و هامل)و زۆر لەکەسانی دیکە تاوانیان بەوە پێناسە کردووە، کە ئەو کارانە ئەگرێتەوە کە فەرمانە ئاسمانییەکان پێشێل ئەکات کە لە (قورئان پیرۆز و تەورات و ئینجیلدا هاتوون) (Keith,H,Chris AND Emma,W,H, 2005, p. 11).

### 4 - دیاردەی تاوان لەڕووی یاساییەوە:

تاوان لەڕووی یاساییەوە، بریتییە لە هەرکارێک کەپێشێلکاری بڕگەکانی یاسای سزادان بێت، کارێکە دوورە لە بەها ئەخلاقییەکانەوەو پەسەند نەکراوە لەکۆمەڵگادا (رمضان، ٢٠٠٨، صفحة ١٥٢)، یان بریتییەلە لە ئەنجامدانی کارێک یان ئەنجام نەدانی کارێک کە یاسا سزای بۆ دیاریکردوە، ئەنجامنەدانی کارەکە بەسزا دانانرێت مەگەر یاسا بڕیاری لەسەر دابێت (العبداللة ن.، ٢٠١١، صفحة ١٣٤).

### 5 - دیاردەی تاوان لەڕووی دەروونناسیەوە:

تاوان برتییە لە ڕەفتارێکی بە ئەنقەست و نایاسایی، کەلە ئەنجامی تێکچوونی دەروونی و ململانێی ناوخۆی تاکەوە سەر هەڵئەدات بۆ تێرکردنی ئەو پێداویستیانە کە پاڵ بە تاوانبارەوە دەنێن بەرەو ڕەفتاری لادان و تاوانکردن، ئەم ڕەفتارە ڕەنگە

درێژبێتەوە بۆ بەردەوامبوون لەئەنجامدانی چەند جۆرێک لەتاوان و ڕەفتاری تاوانکاری، هەروەها ببێتە هۆی تایبەتمەندی کەسی تاوانکار (العبداللة ن.، العوامل الأجتماعية الؤثرة في أرتكاب الجريمة (دراية ميدانية للأثر العوامل الأجتماعية التى تؤدي أرتكاب الجريمة في المدينة الرمادي)، ٢٠١١)، تاوان کردەوەیەکی شکست هێنان و سەرنەکەوتووە لە گونجاندن لەگەڵ کۆمەڵگاو بەهاو بنەغاکانیدا، وە هەر کردارێک یان ڕەفتارێکە کە پێشێلکاری ڕێساو ڕەفتارەکانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا دەکات و لەیاسای تاوانەکاندا ئاماژەی پێدراوە، بۆ هەموو ئەو کردارانەش یاسا سزایەکی دیاریکراوی داناوە (خموين، ٢٠١٩، صفحة ١٧٩)، تاوان بریتییە لە لەکۆمەڵێک هەست و وزەی سەرکوتکراو و شاراوە لەمرۆڤداو لەنەبوونی شوێنێک یان ژینگەی کۆمەڵایەتیدا بۆ ئازادکردنی ئەو وزەیە، گوزارشت لە سەرکوتکراوەکان دەکات و بەشێوەیەک مامەڵە بکەن کەپێچەوانەی عورف و بەهاکانی کۆمەڵگابێت (محمد، ١٩٩٨، صفحة ٣١).

**دووەم/ گرنگترین ئەو بیردۆزانەی کەتایبەتمەندییەکانی تاوانبار شیدەکاتەوە**

زۆرن ئەو تیوریانەی کە شیکردنەوە بۆ دیاردەی تاوان و سیفەتەکانی کەسی تاوانبار دەکەن، جیاوازی زۆر بەدی ئەکرێت لەنیوان هەموو ئەو تیوریانە، بەڵام بەپێی جیاوازی جۆری تاوانەکەو ژینگەی کۆمەڵایەتی تاوانبار لەڕووی (خێزان و کۆمەڵگا)وە هەریەک لەم تیوریانە ڕۆڵی بەرچاو ئەگێرن بۆ شیکردنەوەی زانستی دیاردەی تاوانکاری، بەپێویستمان زانی بەم جۆرە باسیان لێوە بکەین:

**1 - تیوری بایۆلۆجی:**

**١-١ تیوری قوتابخانەی پێکهاتەی جەستەی (لۆمبۆرۆسو) و قوتابخانەی ئەنثرۆپۆلۆژی ئیتاڵی لەنیوان (١٨٣٦-١٩٠٩):**

قوتابخانەی پێکهاتەی جەستەیی (لۆمبۆرۆسۆ) و قوتابخانەی ئەنثرۆپۆلۆژی ئیتاڵیەکان جەختیان لەسەر گرنگی هۆکارە بایۆلۆژییەکان کردۆتەوە لەڕوونکردنەوە ڕەفتارەکانی تاوانکاریدا، تیشکیان خستۆتە سەر ئەوەی کە پێویستە سروشتی تاوانبار لەبەرچاو بگیرێت بۆ ڕوونکردنەوەی پاڵنەرەکانی ڕەفتاری تاوانکاری نەک سروشتی (سميه، ٢٠١٩، صفحة ١٤)، لۆمبرۆسۆ پێی وایە کە مرۆڤی تاوانبار بەتایبەتمەندی تاوانباری لەدایک دەبێت، ئەمەش وادەکات زیاتر پاڵنەری هەبێت لەکەسانی تر بۆ ئەنجامی تاوان(عدنان، ١٩٩٤، صفحة ١٥١).

**2 - تیوری (جۆرینج):**

زاناو پزیشکی ئینگلیزی (جۆرنج) هەموو بۆچوونەکانی زانا (لۆمبرۆسۆ)ی ڕەتکردەوە سەبارەت بەو مرۆڤانەی کە هەڵگری سیفاتی تاوانباری بۆ ماوەیین، بۆیە لەساڵی (١٩٠١)ەوە هەستا بە ئەنجامدانی توێژینەوەی (ئاماری بەراوردکاری) لەسەر نزیکەی (٣٠٠٠)تاوانباری مەترسیدار کە زیاتر لە (٣)ساڵ زیندانیان بەسەردا سەپێندرابوو، هەروەها لەسەر کۆمەڵێک مرۆڤی ئاسایی (مرۆڤی تاوانبار نەبوو)، کەپێکهاتبوون لە مرۆڤی (خوێندکاری پەیمانگاو نەخۆشەکانی نەخۆشخانەکان و ئەفسەرانی یەکەکانی سوپای بریتانیا، هەستا بەپشکنینی (کەلەسەر کێش و باڵاو شێوەی گوێ و پێشەوەی سنگ)یان و پشکنی، لە توێژینەوەکەدا ئەوەی بۆ ڕوون بوویەوە کە جیاوازی تایبەتمەندی نییە لەنێوان کەلەسەری تاوانباران و ئەو کەسانەی

کەتاوانیان کردووە، هەروەها هیچ جیاوازییەکی بەرجەستەو دیار نیە لەنێوان کۆمەڵەی تاوانباران و کۆمەڵەی کەسانی ئاسایی لەنیشانەکانی کەلەسەریاندا، جۆرنج بەو ئەنجامە گەشتووە کە هەندێک لەتاوانباران تێکچوونی پێکهاتەی (لاوازی جەستەیی یان لاوازی دەروونی)یان هەیە بە بەراورد بەکەسانی ئاسایی دیکە، هەروەها ئەوەی بۆ دەرکەوتووە کەتاوانباران خاوەنی بوونی ململانێی کۆمەڵایەتی نین کەرێگری دەکات لە هاوئاهەنگی کۆمەڵایەتی، هەر ئەمەشە وایان لێدەکات کە خێراتر بوروژێن لەڕووی سۆزداریەوەو پاڵنەرێکی بەهێزە بۆ ئەنجامدانی تاوان (عبدالرحمن، ٢٠٠٠، صفحة ١٨١).

**١-٢ تیوریە کۆمەڵایەتییەکان**

ڕەوتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا دەکرێت لەڕێگەی هەندێک تیوری کۆن و نوێوە بخرێتەڕوو، بۆ زیاتر ئاشنابوون بەو تیوریانە بەم شێوەیەی خوارەوە باسیان لێوە دەکەین:

**أ- تیوری پەرتەوازەیی کۆمەڵایەتی (نظرية التفكك الأجتماعي - Social Disorganization)**

هەڵوەشانەوەی خێزان و پەرتەوازەیی کۆمەڵایەتی، زۆر دیاردەی کۆمەڵایەتی و کەلتوری بەدوای خویدا دێنێت، زانای بواری کۆمەڵناسی (شۆ – Show) لەتیورییەکەیدا، گریمانەی ئەوە ئەکات کە گەورەترین چربوونەوەی تاوانباران لەو ناوچانەدایە کە بەکۆبوونەوەو چربوونەوەی کۆمەڵایەتی تایبەتمەندن، ئەم پەیوەندیەش بەجۆرێکە کە کۆمەڵگای گشتی لەو ناوچانەدا بەرەو لێک هەڵوەشانەوە دەڕوات و دەسەڵاتی بەسەر ئەندامەکانی خێزاندا لاواز دەبێت، بەمەش سیستمی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییەکان تێیدا لاواز دەبێت، هەروەها پەیوەندی کۆمەڵایەتی خێزان لاواز دەبێت، بۆیە پێشبینی ئەوە دەکرێت نەخشەی تاوانکاری تێدا باوبێت و پەرە بسێنێت و بەئاسانی لەنێوان تاکەکاندا بگوازرێتەوە لە یەکێکەوە بۆ یەکیکی تر، ئەم کۆمەڵگایانە ژمارەی دانیشتوانیان کەمە بە بەراورد بە کۆمەڵگا تەندروست و ئاساییەکان، بەڵام ژمارەی تاوانەکانی تێیدا بەرزەو تاڕادەیەک بوەتە بەشێک لەکەلتورو نەریتی ئەم کۆمەڵگایانە(أحمد ع.، ١٩٩٦، الصفحات ٥٤٩-٥٥٠).

**ب- تیوری ململانێی کەلتوری (Cultural Conflict)**

ئەم تیوریە لەلایەن زانا واڵتەر میلەر ( Walter Miller)ەوە دانراوە، ململانێی کەلتوری بریتییە لەململانێی نێوان توخمە کەلتورییە جیاوازەکان لە (بەهاو داب و نەریت)ەکاندا، شێوەکانی (فۆرمەکان)ی ململانێی کەلتوری بریتین لە ململانێی چینە کۆمەڵایەتییەکان لەناو یەک کۆمەڵگادا، ململانێی نێوان بەهاکانی هەندێک گروپ وەکو (گروپە کۆچەرییەکان و گروپە ناوخۆییەکان)، ناکۆکی لەنێوان بەهاکانی نەوە یەک لەدوای یەکەکان، بەم شێوەیە ئەو چالاکییە تاوانکاریانەی کە لەلایەن کۆمەڵێک لە هەرزەکارەکانەوە ئەنجام ئەدرێت نوێنەرایەتی بەهاکانی چینەجیاوازەکان دەکەن، کە هەندێک لەو ڕەفتارانە زۆرجیاوازن لەبەهاکانی نەوەکانی دیکە (ربيع، يوسف، و عبدالله، ١٩٩٤، الصفحات ١٠٢-١٠٤).

**١-٣ تیوری دەروونی (النظرية النفسية)**

بەشێوەیەکی گشتی زۆر تیوری لەبارەی دەروونی تاوانبار خراونەتەڕوو، لەگرنگترین ئەو تیوریانەش:



SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**أ- تیوری شیکاری سێگموند فرۆس (١٨٥٦ – ١٩٣٩)**

زانا سیگموند فرۆس بەپێشەنگی ئەم تیوریە دائەنرێت، کەلەرێگەی ئەم تیوریەوە باس ڕەفتارەکانی تاکە کەسی پەیوەست بە ڕادەی پەیوەندی نێوان سێ بەشەکەی سیستمی دەروونی کەبریتین لە (ئاید ، ئینگۆ، سۆپەر ئایگۆ) دەکرێت، ئەگەر ئارەزوو و مەیلی زگماگی (خووی شەهوەتباز)ی زاڵبن، ئەوا ڕەفتارەکە لادان دەبێت، کەسایەتیەکە ناکامڵ و ناپێگەشتوو دەبێت، بەڵام ئەگەر ئایداڵ و بەها بۆماوەییەکان زاڵبن، ئەوا ڕەفتارەکە ڕاست و کەسایەتێکی پێگەشتوو و کامڵ دەبێت، فرۆید پێی وایە هەموو ڕەفتارەکانی مرۆڤ بەپاڵنەرێکی دیاریکراو دەجوڵێن، جا ئەم فاکتەرە لە هۆشیاری تاکەوە بێت یان بێ ئاگایی و ناهۆشیاریەوە بێت، ئەو پاڵنەرانەی کەلە پشت ڕەفتارەکانی تاوانکارییەوە هەن دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار ئەوانیش:

1 - لایەنی ڕووحی: کەلاوازی وێژدان و عەقڵ و ئامادە نەبووی (سۆپەرئایگۆ)یە، بەمەش خووی شەهوەتبازی زاڵ دەبێت لەئەنجامی بێ توانایی ئەرکی کۆنترۆڵکردن و ڕاگرتنی ئە خوە لاواز دەبێت.

2 - ئیگۆ: کە مەیلی زگماکی غەریزەکان سەرکەوتوو ئەکات لەناو بێئاگایی و نا هۆشیاریدا دەیان هێڵێتەوە، وە دەیان کات بە هاوڕێی ئاڵودەییە دەروونییەکان (القهواجي، ١٩٩٨، صفحة ٢٤٠).

**ب- تیوری یەکگرتوو (النظرية التكاملية)**

ڕەوتی یەکگرتوو لە لێکۆڵینەوە لەدیاردەی تاوانکاری لەلایەن توێژەران لە بوارە جیاجیاکاندا بابەتێکی سروشتی یە، بە لەبەرچاوگرتنی ئاڵۆزی دیاردەکەو پەیوەنی بەبوارە جیاوازەکانی زانستەوە، لەوانە زانستە کۆمەڵایەتییەکان و دەروونیەکان و بایۆلۆجییەکان ، ئەمە ئەو ڕاستیەیە کە هیچ کەسێک ناکۆکی لەگەڵ نیە، وەک چۆن دیاردەی تاوانکاری دیاردەیەکە لەژیانی گروپ و تاکە کەسیدا ڕوو ئەدات، بۆیە پیویستە لێکۆڵینەوە زانستییەکان لەبواری دیاردەی تاوانکاری فرە لق بن بۆئەوەی هەموو بوارەکان و لایەنەکانی کۆمەڵایەتی و تاکە کەسیەکانیش لەخۆبگرێت (علي، ٢٠١١، صفحة ٩٣).

**تەوەری دووەم: تایبەتمەندیی ئاووهەوا و پەیوەندی لەنێوان ڕەگەزەکانی ئاووهەوا و دیارەی تاوان و دابەشبوونی جوگرافی بۆ جۆرەکانی تاوان بەپێی وەرزەکان لەپارێزگای سلێمانی**

**یەکەم: تایبەتمەندی ئاووهەوا (Climate Characteristics)**

ئاووهەوای هەرهەرێمێک لەهەرێمەکانی سەر ڕووی زەوی لەدیاردەکانی کەشەکەیەوە پێکدێت، کاریش دەکاتە سەر ڕواڵەتەکانی سەر زەوی، بەو پێیە ئاووهەوا دۆخی مانگانەو وەرزانەو ساڵانەی هەموو لایەنی دیاردەکانی کەشەکەیەتی بەهەموو ڕەگەزەکانیەوە، وەک ئەو گۆڕانە سەر پەڕیانەی (التغيرات المتطرفة) کەلە دۆخی ناوەندەکاندا هەیە جا بەرەو بەهێزی یان لاوازی بێت لەماوەیەکی دورودرێژدا کە ماوەی چەند ساڵێک درێژدەبێتەوە (شەریف، ٢٠١١، الصفحات ١٥-١٦)، بەگشتی ئاووهەوای ناوچەی لێکۆڵینەوە وەکو بەشێک لەهەرێمی کوردستان، سەربەهەرێمیئاووهەوای هەرێمی دەریای ناوەڕاستەو وەرزی زستانی ساردو باراناویەو هاوینی گەرمووشکە، وە وەرزە مامناوەندیەکانی پایز و بەهار، تاڕادەیەک هاوتان لەڕووی پلەی گەرمی باران بارینەوە ئەگەر چی بڕەکەشی کەمە، بەگشتی ڕەگەزە ئاووهەواییەکان کە کاریگەری دەکەنە سەر ئەنجامدانی تاوان و کرداری تاوانکاری بریتین لە (تیشکی خۆر و پلەی گەرمی وبا و شێی)، خشتەی (١)

sjh@univsul.edu.iq

**دووەم/ پەیوەندی نێوان ڕەگەزەکانی ئاوهەواو دیاردەی تاوان**

دیارە بەگشتی گۆڕانکارییەکانی ئاووهەوا لەم چەند ساڵەی دواییدا بەهۆی زیادبەکارهێنانی سوتەمنییەکانزاییەکان و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو شۆڕشی پیشەسازییەوە بونەتە هۆی تێکچوونی بارودۆخی هەوایی و گۆڕانکاری لە ڕەگەزەکانی ئاووهەوای لێکەوتۆتەوە، لەلایەکی ترەوە دیاردەی (قەتیسبوونی گەرمی) گەرمبوونی گۆی زەوی بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرمای ڕووی زەوی، ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لەسەر بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرمای چینەکانی نزیک ڕووی زەوی، ئەمەش بەشێکی زۆری دەرئەنجامی چالاکییە ناژینگەییەو ناتەندروستەکانی مرۆڤە، گۆڕانکارییەکانی ئاووهەوا بوونەتە هۆی دروستبوونی کۆمەڵێک دیاردە، هەروەها لەبەر ئەوەی ڕاستەوخۆ مرۆڤ و چاڵاکییەکان و زیادبوون و گەشەکردنیش پێوە بەندە، بۆیە کار لە ئارامی و هەڵسوکەوتەکانیشی ئەکات، وەک و فاکتەرێکی ناڕاستەوخۆ لەسەر باری دەروونی و فیسۆلۆجی جەستەی کاردەکاتە سەر هەڵسوکەوتەکانی و بەرەو تاوان و ڕەفتاری تاوانکاری دەبات، لەم توێژینەوەیە بە باشمان زانی لەڕێگەی خستنەڕووی داتاو ژمارەوە بۆ جۆری تاوانەکان بەپێی وەرزەکان کاریگەری ئاووهەواو ڕەگەزەکانی لەسەر دیاردەی تاوان بخەینەڕوو.

**خشتە (١) تێکڕای مانگانە و ساڵانەی ڕەگەزەکانی ئاووهەوا لە پارێزگای سلێمانی**

**لەوێستگەکانی (پێنجوێن و سلێمانی و چوارتا و دوکان و بازیان و چەمچەماڵ و دەربەندیخان) لەماوەی نێوان ساڵانی (2024 – 1987)**

| ڕەگەزەکان / مانگەکان | ک٢ | شوبات | ئازار | نیسان | مایس | حوزەیران | تەمموز | ئاب | ئەیلول | ت١ | ت٢ | ک١ | تێکڕای ساڵانە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تیشکی خۆری ڕاستەقینە بە (کاتژمێر/ڕۆژ) | 4.7 | 5.4 | 6.0 | 7.4 | 8.8 | 11.2 | 11.5 | 11.0 | 10.0 | 7.7 | 6.0 | 5.0 | 7.9 |
| پلەی گەرمی بە (سەدی) | 5.3 | 7.2 | 11.7 | 16.5 | 22.5 | 29.1 | 32.6 | 32.2 | 27.8 | 21.3 | 12.8 | 8.0 | 18.9 |
| باران بە (ملم) | 128 | 23.0 | 03.9 | 75.4 | 31.4 | 2.2 | 0.6 | 4.6 | 7.3 | 39.6 | 91.3 | 99.9 | 707.4 |
| بـــــــا بە (م/چرکە) | 1 | 1.4 | 1.5 | 1.2 | 1.3 | 1.7 | 1.7 | 1.4 | 1.3 | 1.2 | 1 | 0.9 | 1.3 |
| شێ | 65.6 | 63.6 | 57.2 | 53.0 | 42.6 | 29.8 | 26.1 | 26.2 | 29.8 | 41.3 | 58.0 | 62.7 | 46.3 |

کاری توێژەر/ پشت بەست بە:

1 - حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی كشتوكاڵ، بەڕێوەبەرایەتی گشتی كشتوكاڵ-سلێمانی، بەشی كشتوكاڵ و كەشناسی، داتای بڵاونەكراوە، ٢٠٢٤.

2 - حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن، فەرمانگەی كەشناسی سلێمانی، داتای بڵاونەكراوە، ٢٠٢٤.

**خشتەی (٢) شوێنی ئەسترۆنۆمی و بەرزی لەئاستی ڕووی دەریاوە بۆ وێستگەكانی پارێزگای سلێمانی**

**(2024 – 2014)**

| وێستگەكان | بازنەی پانی | هێڵی درێژی | بەرزی لەئاستی ڕووی دەریاوە بە (م) |
|---|---|---|---|
| پێنجوێن | 35 37 | 45 56 | 1302 |
| سلێمانی | 35 33 | 45 27 | 884.8 |
| چوارتا | 35 43 | 45 33 | 1128 |
| دوكان | 35 11 | 45 00 | 690 |
| بازیان | 35 36 | 45 08 | 829 |
| چەمچەماڵ | 35 33 | 45 50 | 708 |
| دەربەندیخان | 35 06 | 45 41 | 513 |

سەرچاوە/ كاری توێژەر پشت بەستن بە

1 - حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی گواستنەو گەیاندن، بەڕێوەبەرایەتی كەشناسی سلێمانی، ٢٠٢٤، زانیاری بڵاو نەكراوە.

2 - حكومەتی هەریمی كوردستان، وەزارەتی كشتوكاڵ و ئاودێری، بەشی ڕێنمایی كشتوكاڵ، زانیاری كەشناسی، ٢٠٢٤، بڵاو نەكراوە.

**سێیەم/ دابەشبوونی جۆگرافی بۆ كۆی كشتی جۆرەكانی تاوان بەپێی قەزاو ناحییەكان لە پارێزگای سلێمانی لەنێوان ساڵانی (2014 – 2024)**

بەگشتی جیاوازی دەبینرێت لە كۆی گشتی ژمارەو قەبارەی جۆرە جیاوازەكانی تاوان بە پێی جیاوازی ناحییەو قەزاكان لە پارێزگای سلێمانیدا، ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی كۆمەڵایەتی و كەلتور و چۆنێتی دابەشبوونی دانیشتوان و چڕیان، بۆیە دەبینین بەرزترین ژمارەی تاوانی كۆشتن لەسەنتەری پارێزگادایە و دەكاتە (21) كەس ، لەقەزای ڕانیەدا دەكاتە (11) كەس، لەكاتێكدا لە قەزای ماوەت هیچ كوشتنێک تۆمار نەكراوە، هەروەها بۆ تاوانی دزیكردن بەرزترین ژمارە لە سەنتەری پارێزگادا تۆماركراو كە دەكاتە (265)، نزمترین ژمارەی ڕووداوەكانی دزیكردن دەكەوێتە قەزای پشدەر و دەكاتە (8)، بۆ ڕووداوەكانی فێڵكردن بەرزترین ژمارەی ڕووداوەكان لەسەنتەری پارێزگادا تۆماركراون كە دەكاتە (312)، نزمترین ژمارەی

ڕووداوەکانیش دەکەوێتە قەزای شارەزوور کەدەکاتە (22)، سەبارەی بە تاوانەکانی ڕووداوی هاتۆچۆ بەرزترین ژمارە لە سەنتەری پارێزگادایەو دەکاتە (720)، نزمترین ژمارەی تاوانی ڕووداوی هاتوچۆ دەکەوێتە قەرەداغ و دەکاتە (7)، خشتەی (٣)، نەخشەی (٢)، شێوەی (١).

**خشتەی (٣) دابەشبوونی جوگرافی بۆ کۆی کشتی جۆرەکانی تاوان بەپێی قەزاو ناحییەکان لە پارێزگای سلێمانی لەنێوان سالانی (2014 – 2024)**


| ژ | قەزا | کوشتن | دزی کردن | فێلکردن | ڕووداوی هاتوچۆ |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | سەنتەری پارێزگا | 21 | 265 | 312 | 720 |
| 2 | قەرەداغ | 1 | 22 | 8 | 7 |
| 3 | پێنجوێن | 3 | 188 | 119 | 62 |
| 4 | شارباژێڕ | 2 | 29 | 47 | 20 |
| 5 | ماوەت | 0 | 22 | 47 | 23 |
| 6 | دوکان | 1 | 64 | 74 | 97 |
| 7 | دەربەندیخان | 1 | 29 | 52 | 129 |
| 8 | شارەزوور | 3 | 27 | 22 | 40 |
| 9 | سەید سادق | 3 | 36 | 23 | 27 |
| 10 | چەمچەماڵ | 5 | 263 | 304 | 158 |
| 11 | بازیان | 6 | 21 | 79 | 31 |
| 12 | پشدەر | 7 | 8 | 73 | 90 |
| 13 | ڕانیە | 11 | 53 | 157 | 277 |
| کۆی گشتی | | **64** | **1027** | **1317** | **1681** |

سەرچاوە/ کاری توێژەر پشت بەستن بە:

1- بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی، هۆبەی ئامار، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠٢٥/٥/٩.

2- بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەڕین، هۆبەی ئامار، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠٢٥/٤/٩.

**نەخشەی (٢) دابەشبوونی جۆگرافی بۆ کۆی کشتی جۆرەکانی تاوان بەپێی قەزاو ناحییەکان لە پارێزگای سلێمانی لەنێوان سالآنی (2014 – 2024)**




سەرچاوە/ کاری توێژەر پشت بەستن بە:


1 - حکومەتی هەریمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی هونەری، ٢٠٢٤.

2 - بەکارهێنانی بەرنامەی Arc Gis 10.8

3 - بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی، هۆبەی ئامار، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠٢٥/٥/٩.

4 - بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەڕین، هۆبەی ئامار، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠٢٥/٤/٩.

**شێوەی (١) دابەشبوونی جۆگرافی بۆ کۆی کشتی جۆرەکانی تاوان بەپێی قەزاو ناحییەکان لە پارێزگای سلێمانی لەنێوان سالآنی (2014 – 2024)**




کاری توێژەر/ پشت بەستن بەداتاکانی خشتەی (٣).

**چوارەم/ دابەشبوونی کۆی گشتی جۆرەکانی تاوان وەرزەکان لەپارێزگای سلێمانی**

تاوان لەبەر ئەوەی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، بەپێی گۆڕانکارییەکان و جیاوازی کۆمەڵگاکان گۆڕانکاری بەسەردا دێت، ئەمەش ئەگرێتەوە بۆ جیاوازی هۆکارە مرۆییەکان و هۆکارە سروشتییەکان، هەرچی هۆکارە مرۆییەکانە خۆیان لە جیاوازی کەلتورو ژیانی کۆمەڵایەتی و ئەو یاساو ڕێسایانەی کەبەرکارن بۆ پاراستنی کۆمەڵگاو لادان لێیان بەتاوان ئەژمار ئەکرێت و بەوپێیەش جۆرەکانی تاوان جیاوازدەبن لەنێوان کۆمەڵگا جیاوازەکاندا، سەبارەت بە هۆکارە سروشتییەکان هەریەکە لە هۆکاری (بەرزونزمی و ئاووهەواو ڕووپۆشی ڕووەکی و پانتاییە ئاوییەکانی وەکو زەریاو دەریاو ڕووبارو ...هتد) ئەگرێتەوە، لە گرنگترینیان هۆکاری گۆڕانکاری لە ئاووهەواو ڕەگەزەکانیەتی، کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاریگەری هەیە لەسەر جیاوازی جۆری تاوان، بۆیە دەبینین ژمارەی تاوانەکان و ڕێژەیان بە پێی جیاوازی وەرزەکان گۆڕانکاریان بەسەردا دێت، تاوانی کوشتن لەوەرزی زستاندا (17)ی ڕێژەی (26.56%)ی کۆی گشتی تاوانەکان لەناوچەی توێژینەوە پێکدەهێنێت، و بۆ تاوانی دزی کردن (233) و ڕێژەی (22.68%)ی کۆی گشتی تاوانەکان پێکدەهێنێت، بۆ تاوەنەکانی فێڵکردن و ڕووداوەکانی هاتوچۆ یەک بە لە دوای یەک دەکاتە (317، 474 ) و ڕێژەی ( 24.6% ، 28% )ی کۆی گشتی تاوانەکان پێکدەهێنێن، ئەمە لە کاتێکدا بۆ وەرزی بەهار بۆ تاوانی کۆشتن دەکاتە (12) و ڕێژەی (18.75%)ی کۆی گشتی تاوانەکان پێکدەهێنێت، بۆ تاوانی دزی کردن (266) و ڕێژەی (25.90%)ی کۆی گشتی تاوانەکان پێکدەهێنێت، بۆ تاوەنەکانی فێڵکردن و ڕووداوەکانی هاتوچۆ یەک بە لە دوای یەک دەکاتە (358 ، 477) و ڕێژەی ( 27.18%، 28% ) ی کۆی گشتی تاوانەکان پێکدەهێنێن، ژمارەی تاوانەکان لە وەرزی هاوین بۆ تاوانی کۆشتن دەکاتە (21) و ڕێژەی (32.81%) ی کۆی گشتی تاوانەکان پێکدەهێنێت، بۆ تاوانی دزی کردن (246) و ڕێژەی (23.95%)ی کۆی گشتی تاوانەکان پێکدەهێنێت، بۆ تاوەنەکانی فێڵکردن و ڕووداوەکانی هاتوچۆ یەک بە لە دوای یەک دەکاتە (379 ، 340) و ڕێژەی ( 28.77%، 20% )ی کۆی گشتی تاوانەکان پێکدەهێنێن، لە وەرزی پایزدا بۆ تاوانی کوشتن دەکاتە (14) و ڕێژەی (21.87%)ی کۆی گشتی تاوانەکان پێکدەهێنێت، بۆ

تاوانی دزی کردن (282) و ڕێژەی (27.45%)ی کۆی گشتی تاوانەکان پێکدەهینێت، بۆ تاوەنەکانی فێڵکردن و ڕووداوەکانی هاتوچۆ یەک بە لە دوای یەک دەکاتە (263 ، 390) و ڕێژەی ( 19.96%، 23% )ی کۆی گشتی تاوانەکان پێکدەهینێن، بەگشتی هۆکارە (مرۆییەکان و سرۆشتییەکان) کاریگەری دەکەنە سەر باری دەروونی تاک، بەمەش بەرەو لادان یان تاوانی جیاواز پاڵی پێوە دەنات بۆ ئەنجامدارنی کاری تاوانکاری، بۆیە بە پێویستمان زانی بەم شێوەیەی خوارەوە باسیان لێوە بکەین:

**1 - تاوانی کوشتن:**

دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی نەرێنی و نەخوازراوە، لەئەنجامی بوونی کێشەو گرفت و شیواوی لەپەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان و ڕەفتارەکاندا دەخاتەڕوو، سروشتی بەرپەرچدانەوەو یەکتر قبووڵ نەکردن و دەخاتەڕوو، بەشیوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەر دەبێت بە ژینگەی سروشتی مرۆیی و ژیانی کۆمەڵایەتی کاریگەریان لەسەر دیاردەی کوشتن هەیە، ئاووهەواو ڕەگەزەکانی بەتایبەتی بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما لەوەرزی هاویندا، کاریگەری بەرچاوی هەیە لەسەر هەڵسوکەوت و ڕەفتاری تاک، ئەو کەسانەی کەلە بواری تاواناسی دا توێژینەوەیان لەسەر کردووە، ئەوەیان پشت ڕاست کردۆتەوە ئاووهەواو ڕەگەزەکانی کاریگەریان هەیە لەسەر لایەنی فیسۆلۆجی لەلایەنی کۆئەندامی دەمار و ئارامی دەروونی تاکەکان (أدلر، 1930، صفحة ٢٣٥) ، بۆیە دەبینین لەوەرزی هاویندا تاوانەکانی کۆشتن بەجیاوازی جۆرەکانیەوە بەگشتی زیاد دەکەن (أدلر ا.، ١٩٣١، صفحة ١١٧)، بەگشتی تاوانی کوشتن هەریەکە لە تاوانی کۆشتنی (بەئەنقەست و کوشتن بەهەڵەو خۆسوتاندن)یش ئەگرێتەوە، سەبارەت بەناوچەی لێکۆڵینەوە ژمارەکان جیاوازن لەنێوان قەزاو ناحیەکاندا، هەروەها جیاوازی ئەبینرێت لەنێوان مانگ و وەرزەکانیشدا، بەڵام بەگشتی ژمارەی تاوانەکانی کوشتن بەهەموو جۆرەکانیەوە (کوشتنی بەئەنقەست و کۆشتنی هەڵەو خۆکوشتن) لەپارێزگای سلێمانیدا بەرزترین ژمارەی کوشتنەکان لەوەرزی هاویندا تۆمارکراون کە دەکاتە (21)کەس، پلەی گەرمی بەتەنیا کاریگەری ئەوتۆی لەسەر تەندروستی ئارامی مرۆڤ نیە، بەڵکو بەستراوەتەوە بەڕێژەی شێ لەهەوادا ئەگەر پلەکانی گەرما بەرزببنەوە بۆ (26°) ، ڕێژەی شێش بەرزبێتەوە بۆ (85%) ئەوا دەبێتە هۆی نائارامی و بێزاری مرۆڤ، هەر ئەمەش بۆەتە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی تاوانی کوشتن لەوەرزی هاویندا بەبەراورد بەوەرزەکانی تر (سلیم، ٢٠٢٠، صفحة ٤٤) ئەوا وە کەمترین ژمارەی تۆمارکراو دەکەوێتە وەرزی بەهار کە (12)کەسە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ مامناوەندی پلەکانی گەرماو ئارامی دەروونی و هەروەها سروشتی پاک و زیادبوونی ڕێژەی سەوزایی کەڕاستەوخۆ یارمەتی دروستبوونی باری ئارامی دەروونی تاکە، ئەم ژمارەیە بۆ وەرزی زستان دەکاتە (17)کەس و لەوەرزی پایزدا (16)کەس، خشتەی (٤) و شێوەی (٢).

**خشتەی (٤) کۆی گشتی مانگانەو وەرزانەو ساڵانەو ڕێژەی سەدی وەرزانە بۆ ژمارەی تاوانی کوشتن لە پارێزگای سلێمانی لەنێوان ساڵانی (2014 – 2024)**

| وەرزەکان | مانگەکان | تێکرای ژمارەی تاوانی کوشتن | تێکرای وەرزانەی | ڕێژەی سەدی % | کۆی گشتی ساڵانە |
|---|---|---|---|---|---|
| | کانوونی یەکەم | 5 | 17 | %26.56 | 64 |


| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| زستان | کانوونی دووەم | 6 | | | |
| | شوبات | 6 | | | |
| بەهار | ئازار | 5 | 12 | %18.75 | |
| | نیسان | 2 | | | |
| | مایس | 5 | | | |
| هاوین | حوزەیران | 6 | 21 | %32.81 | |
| | تەمموز | 5 | | | |
| | ئاب | 10 | | | |
| پایز | ئەیلول | 6 | 14 | %21.87 | |
| | تەشرینی یەکەم | 4 | | | |
| | تەشرینی دووەم | 4 | | | |

سەرچاوە/ کاری توێژەر پشت بەستن بە:

3- بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی، هۆبەی ئامار، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠٢٥/٥/٩.

4- بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەڕین، هۆبەی ئامار، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠٢٥/٤/٩.

**شێوەی (٢) کۆی گشتی وەرزانەو ڕێژەی سەدی بۆ ژمارەی تاوانی کوشتن لە پارێزگای سلێمانی لەنێوان ساڵانی ( 2024 – 2014)**




کاری توێژەر/ پشت بەستن بەداتاکانی خشتەی (٤).

### 2 ـ تاوانی دزی کردن:

دزیکردن بریتییە لە دزین و بردنی پارەو سامانی کەسانی تر، بەمانای گۆاستنەوەی خاوەندارێتی پارەو سامانەکە بۆ سەر پەرپرسیارێتی دارایی خۆی (تاوانبارەکە)، لەتاوانی دزیدا تاوانبار دەست بەسەر پارەو خاوەندارێتی کەسانی تردا دەگرێت بەبێ ڕەزامەندی قوریانیەکە(الدرة، ١٩٨٨، صفحة ٢٥٩)، دزیکردن بریتییە لە هێرشکردنە سەر ماڵ و موڵک و سامانی هاوڵاتیان، خالی جەوهەریش لەم کردارەدا بێبەشکردنی خاوەنەکەی لەو سودانەی کەیاسا بەخشیوێتی بەخاوەنەکەی، کەئەویش مافی خاوەنداریەتی (حسني، ١٩٨٢، صفحة ٦٧١)، لەتاوانی دزیکردن دا، دەستدرێژیەکی نایاسای ئەنجام ئەدرێت بۆ سەر موڵکی تایبەتی کەسیکی دیکە، کە ئەمەش پێشێلکردنی مافی خاوەندارێتییە، ئەمەش مەترسی گەورە دروست ئەکات بۆ سەر کۆمەڵگا، وەتاوانباری دزیکردن بەکەسانی ترسێنەر لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە هەژمار ئەکرێن (عبدالتواب، ٢٠٠٥، صفحة ٨)، سەبارەت بەیاسای عیراقیش، تاوانی دزیکردن لەماددەی (٤٢٩)ی یاسای سزادانی عیراق بە (گەندەڵیکردن و جوڵاندنی موڵک و ماڵی هاوڵاتیانە، کەخاوەندارێتیەکەی هی کەسی تاوانبار نیە)(العيراقي, المعدل ١٩٦٩)، لەوەرزی زستاندا بەگشتی تاوانەکانی دزیکردن زیاد دەکات، بەتایبەتی دزینی پارەو جل و بەرگەو مادده خۆراکییەکان لەناو ماڵ و بازاڕ و مۆڵ و دوکانەکاندا، هۆکاری ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ کەمبوونەوەی هەلی کار بەهۆی دابەزینی پلەکانی گەرمی و کورت بونەوەی ڕۆژ و درێژبونەوەی شەو (عباس، 1996، صفحة ٩٣)، لەپارێزگای سلیمانیدا بەرزترین ژمارەی دزیکردن لەوەرزی پایزدا تۆمارکراون کە دەکاتە (287)حاڵەت، ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ نالەباری کەش وەهەوا زیادبوونی خێرایی باو هەروەها کورتبوونەوەی ڕۆژ، لەلایەکی تریشەوە درێژی شەوگار بەرەو زیاتر ئەڕوات ئەمەش فاکتەرێکی گرنگە بۆ زیادبوونی ڕوواوەکانی دزیکردن، وە کەمترین ژمارەی تۆمارکراو دەکەوێتە وەرزی زستان کە (245)حالەت، ئەم ژمارەیە بۆ وەرزی هاوین دەکاتە (256)حاڵەت و لەوەرزی بەهاردا (287)حاڵەتی دزیکردن تۆمارکراوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ مامناوەندێتی پلەکانی گەرماو ڕادەی شێ و چونە گەشت کردنی هاوڵاتیان چوڵبوونی شوێنی نیشتەجێبوونەکان تارادەیەک، لەهەمان کاتدا بەهۆی گۆڕینی وەرزە بازاڕەکان قەرەباڵغی بەخۆوە ئەبینن و ڕێژەی دزیکردن زیاد ئەکات، خشتەی (٥) و شێوەی (٣).

**خشتەی (٥) کۆی گشتی مانگانەو وەرزانەو ساڵانەو ڕێژەی سەدی وەرزانە بۆ ژمارەی تاوانی دزیکردن لە پارێزگای سلێمانی لە نێوان ساڵانی (2014 – 2024)**

| وەرزەکان | مانگەکان | تێکڕای ژمارەی دزیکردن | تێکڕای وەرزانەی | ڕێژەی سەدی % | کۆی گشتی ساڵانە |
|---|---|---|---|---|---|
| زستان | کانوونی یەکەم | 67 | 245 | %23 | |
| | کانوونی دووەم | 89 | | | |
| | شوبات | 79 | | | |
| | ئازار | 82 | 284 | %26 | |


| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| بەهار | نیسان | 98 | | | 1072 |
| | مایس | 104 | | | |
| هاوین | حوزەیران | 69 | 256 | %24 | |
| | تەمموز | 79 | | | |
| | ئاب | 108 | | | |
| پایز | ئەیلول | 98 | 287 | %27 | |
| | تەشرینی یەکەم | 95 | | | |
| | تەشرینی دووەم | 94 | | | |

سەرچاوە/ کاری توێژەر پشت بەستن بە:

1 - بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی، هۆبەی ئامار، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠٢٥/٥/٩.

2 - بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەڕین، هۆبەی ئامار، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠٢٥/٤/٩.

**شێوەی (٣) کۆی گشتی مانگانەو وەرزانەو ساڵانەو ڕێژەی سەدی بۆ ژمارەی تاوانی دزیکردن لە پارێزگای سلێمانی لەنێوان ساڵانی (2014 – 2024)**




کاری توێژەر/ پشت بەستن بەداتاکانی خشتەی (٥).

### 3 - تاوانی فێڵکردن:

فێڵکردن یان ساختەکاری، بریتیە لە لەدەست بەسەرداگرتنی موڵکی کەسانی تر بە ڕیگەی ساختەکاری بەمەبەستی خاوەدارێتی، لەماددەی (٤٥٦)دا هاتووە، هەرکەسێک خاوەندارێتی موڵکی جولاو بەدەست بهێنێت یان بیگوازێتەوە، ئەوا سزای زیندانیکردن دەدرێت، خاوەندارێتی موڵکەکە کەسیکی ترەو تاوانبار ئامرازی ساختە یان وەسفێکی هەڵەی بەکارهێناوە

بۆ فێلکردن و خاوەندارتییەکە (أمین، ١٩٧٣، صفحة ٧٢٠)، بەهۆی گۆڕانی باری ژیانی کۆمەڵگان و پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاو هاتنە کایەوەی کۆمەڵێک ئامرازو هۆکار، دەبینین ڕێگاکان و ئامرازو ئامێرەکانی فێڵکردن زۆربوون، بۆیە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ژمارەی ئەو تاوانانەی دەچنە ژێر چەتری تاوانی (فێڵکردن)ەوە لەکۆمەڵگادا ڕوو لەزیادبوون، ئەمەش بەهۆی پاشەکشەکردنی جێبەجێکردنی یاساو کەمی ئاستی ڕۆشنبیری تاکەکانی کۆمەڵگا لەمامەڵە کردنی بواری بازرگانی و جۆرەکانی دا، لەپارێزگای سلێمانیدا بەرزترین ژمارەی فێڵکردن لەوەرزی بەهاردا تۆمارکراون کە دەکاتە (379)حاڵەت، ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ یەکشانبوونی درێژی کاتەکانی شەو و ڕۆژ و بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما تاڕادەیەک، کەڕاستەوخۆ کاریگەری ئەکاتە سەر باری دەروونی تاک و هەست ئەیەوێت بەزووی کاروچالاکییەکانی ئەنجام بدات، بۆیە کەمتر بەئاگاییەوە مامەڵەو کڕین و فرۆشتن ئەکات، وە کەمترین ژمارەی تۆمارکراو دەکەوێتە وەرزی هاوین کە (273)حالەت، ئەم ژمارەیە بۆ وەرزی زستان دەکاتە (358)حاڵەت و لەوەرزی پایز (317)حاڵەتی فێڵکردن تۆمارکراوە، بۆیە دەبینین بەگشتی ژمارەی تاوانەکانی فێڵکردن نزیکن لەیەکترەوە، خشتەی (٦) و شێوەی (٤).

**خشتەی (٦) کۆی گشتی مانگانەو وەرزانەو ساڵانەو ڕێژەی سەدی وەرزانە بۆ ژمارەی تاوانی فێڵکردن لە پارێزگای سلێمانی لە ماوەی نێوان ساڵانی (2014 – 2024)**

| وەرزەکان | مانگەکان | تێکڕای ژمارەی فێڵکردن | تێکڕای وەرزانەی | ڕێژەی سەدی % | کۆی گشتی ساڵانە |
|---|---|---|---|---|---|
| زستان | کانوونی یەکەم | 133 | 358 | %27 | 1327 |
| | کانوونی دووەم | 116 | | | |
| | شوبات | 109 | | | |
| بەهار | ئازار | 172 | 379 | %29 | |
| | نیسان | 133 | | | |
| | مایس | 74 | | | |
| هاوین | حوزەیران | 84 | 273 | %21 | |
| | تەمموز | 94 | | | |
| | ئاب | 85 | | | |
| پایز | ئەیلول | 94 | 317 | %24 | |
| | تەشرینی یەکەم | 108 | | | |


| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | تەشرینی دووەم | 115 | | | |

سەرچاوە/ کاری توێژەر پشت بەستن بە:

1 - بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی، هۆبەی ئامار، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠٢٥/٥/٩.

2 - بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەڕین، هۆبەی ئامار، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠٢٥/٤/٩.

**شێوەی (٤) کۆی گشتی وەرزانە و ڕێژەی سەدی بۆ ژمارەی تاوانەکانی فێڵکردن لە پارێزگای سلێمانی لەماوەی نێوان ساڵانی (2014 – 2024)**




کاری توێژەر/ پشت بەستن بەداتاکانی خشتەی (٦).

**3 - تاوانی ڕووداوەکانی هاتوچۆ:**

هەموو ڕووداوەکانی هاتوچۆ ئەگرێتەوە کە ببێتە هۆی ( مردن و بریندار بوون و زەرەرو زیان گەیاندن ماڵ و موڵک بە بێ مەبەستی شوفێر، کەهۆکاری سەرەکی سەرنشینەکانی بێت یان بەهۆی بارەکەیەوە بێت لەکاتی جوڵەکردنی لەسەر شەقامەکان لەسەر ڕێگای سەرەکی (الكلابي، ٢٠١٦، صفحة ٢١٦)، هەموو ئەو هەڵسوکەوتانەی کە پێچەوانەی یاساکانی هاتوچۆیە و لەلایەن شوفێر و خاوەنی لێخوڕەوەکەوە ئەنجام ئەدرێت ئەگرێتەوە کەدەبێتە هۆی ڕوودانی مردن یان برینداربوون یان زیانگەیاندن بەموڵک و ماڵ، کەهەموو ئەمانەش لەئەنجامی ڕووداوی هاتوچۆی وەکو ( پێکدادان و وەرگەڕان و شێلانی هاوڵاتیان ...هتد) ڕوودەدەن (قاسم، ٢٠٠٩، صفحة ٥)، هەموو هەڵەیەک یان کارێک کەپێچەوانەی یاساکانی هاتوچۆبێت و ببێتە هۆی ڕوودانی هاتوچۆ، لەئەنجامی ئەم ڕووداوەشدا کەیەکێک لەم جۆرە قوربانیانەی لێ بکەوێتەوە (برینداربوون، کەم ئەندامبوون، مردن)، وەخاوت سوکایەتی کردن بەئەفسەران و کارمەندانی بواری هاتۆچۆبێت، هەموو ئەمانە ئەچنە ژێر تاوانی ڕووداوەکانی هاتوچۆ و سزایان بۆ دیاری کراوە (حسني، شرح قانون العقوبات-القسم العام-النظرية العامة للجريمة والنظرية العامة للعقوبة والتبير الأحترازي، ١٩٧٧، الصفحات ٤٥-٤٦)، لەپارێزگای سلێمانیدا بەرزترین ژمارەی تۆمارکردنی تاوانی ڕوداوەکانی هاتۆچۆ لەوەرزی بەهاردایە کە دەکاتە (477)و ڕێژەی (29%) ، ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ زۆری ژمارەی گەشتیار

و سەردانیکەران بۆ شوێنە گەشتوگوزارییەکان، یان بۆ ناشارەزایی ڕێگەکانی گواستنەوەو پابەند نەبوون بەیاساکانی هاتوچۆ، ئەمەش هۆکارێکە بۆ بەرزبوونەوەی تاوانی ڕووداوی هاتوچۆ، وە کەمترین ژمارەی تۆمارکراو دەکەوێتە وەرزی هاوین کە (340)حالەت وڕێژەی (20%) ، هۆی کەمی تۆمارکردنی ئەم ڕێژەیە ئەگەڕێتەوە بۆ کەمبوونەوەی هاتوچۆ و بەکارهێنانی شەقامەکان بەتایبەتی لەسەنتەری پارێزگادا، بەهۆی تەواوبوونی دەوامی فەرمی زانکۆ و پەیمانگاکان و خوێندکارانی قوتابخانەکان، کە ئەو ڕایە پێچەوانە ئەکاتەوە کە بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی زیادبوونی ژمارەی تاوانەکانی ڕووداوی هاتوچۆ، ئەم ژمارەیە بۆ وەرزی زستان دەکاتە (474)و ڕێژەی (28%)، ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ دابەزینی پلەکانی گەرماو بەستنی هەندێک لەڕێگاکان، کەڕاستەوخۆ لەگەڵ پابەند نەبوونی شوفێران بە یاساکانی بەکارهێنانی ڕەوتی ڕێگاوەوبانەکانەوە دەبێتە هۆی زیادبوونی ڕووداوەکانی هاتوچۆ و تاوانەکان زیاد دەکات، لەوەرزی پایز (390)و ڕێژەی (23%)، لەکۆی گشتی تاوانەکان پێک ئەهێنی، خشتەی (٧) و شێوەی (٥).

**خشتەی (٧) تێکڕای مانگانەو وەرزانەو ساڵانەوڕێژەی سەدی وەرزانە بۆ ژمارەی تاوانی ڕوداوی هاتۆچۆ لە پارێزگای سلێمانی لەماوەی لەنێوان ساڵانی (2014 – 2024)**

| وەرزەکان | مانگەکان | تێکڕای ژمارەی تاوانی ڕوداوی هاتوچۆ | تێکڕای وەرزانەی | ڕێژەی سەدی % | کۆی گشتی ساڵانە |
|---|---|---|---|---|---|
| زستان | کانوونی یەکەم | 152 | 474 | %28 | 1681 |
| | کانوونی دووەم | 152 | | | |
| | شوبات | 170 | | | |
| بەهار | ئازار | 147 | 477 | %28 | |
| | نیسان | 152 | | | |
| | مایس | 178 | | | |
| هاوین | حوزەیران | 118 | 340 | %20 | |
| | تەمموز | 104 | | | |
| | ئاب | 118 | | | |
| پایز | ئەیلول | 106 | 390 | %23 | |
| | تەشرینی یەکەم | 141 | | | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | تەشرینی دووەم | 143 | | | |


سەرچاوە/ کاری توێژەر پشت بەستن بە:

1- بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی، هۆبەی ئامار، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠٢٥/٥/٩.

2- بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەڕین، هۆبەی ئامار، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠٢٥/٤/٩.

**شێوەی (٥) کۆی گشتی وەرزانە و ڕێژەی سەدی بۆ ژمارەی تاوانەکانی ڕوداوی هاتوچۆ لە پارێزگای سلێمانی لەنێوان ساڵانی (2014 – 2024)**

کاری توێژەر/ پشت بەستن بەداتاکانی خشتەی (٧).




**دەرئەنجام**

1 - ئەو گۆڕانکاریانەی لە ئاووهەوا ڕوودەدەن بەشێوەیەکی گشتی کاریگەریەکەی لەسەر ڕەگەزەکانی ئاووهەوا دەردەکەوێت، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناراستەوخۆ کاریگەری دەکاتە سەر بەرزبوونەوەی ڕێژەی تاوان.

2 - جیاوازی بەرچاو هەیە لە بەرزبوونەوەی ڕێژەی تاوان وجۆرەکانی بەپێی جیاوازی وەرزەکانی ساڵدا لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا.

3 - پەیوەندی نێوان گۆڕانکاری ئاووهەواو ڕەگەزەکانی و دیاردەی تاوان پەیوەندییەکی ڕاستەوانەیە، ئەم گۆڕانکارییە ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێت، بەرزبوونەوەی ڕێژەی تاوان دەرئەنجامی ئەم گۆڕانکاریانەیە.

4 - ڕەگەزەکانی ئاووهەوا کاریگەری زۆری هەیە لەسەر دروستبوونی هەڵسوکەوت و ڕەفتاری تاوانکاری و هۆکارێکی یارمەتیدەرە بۆ ئەنجامدانی تاوان، چونکە کاردەکاتە سەر ئارامی فیسۆلۆجی مرۆڤ.

sjh@univsul.edu.iq

**ڕاسپاردەکان**

1 - کەم کردنەوەی بەکارهێنانی سوتەمەنییە کانزاییەکان (نەوت و بەنزین و گاز) بۆ کەم کردنەوەی گازە زیان بەخشەکان بۆ ناو بەرگە هەواو پاراستنی هاوسەنگی سروشتی ژینگەی.

2 - دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان بەپێی وەرزەکان بۆ دروستبوونی کەشێکی گونجاو لەڕووی ئارامی فیسۆلۆجی و دەروونی بۆ تاک، ئەمەش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ڕەفتاری تاوانکاری.

3 - جێبەجێکردنی یاساو سزادانی تاوانباران و چاوپۆشی نەکردن لێیان لەپێناو پاراستنی مافی گشتی و تاکەکەسیدا بەتایبەتی لەتاوانی کوشتندا.

4 - نەهێشتنی دیاردەی چەکداری لەدەرەوەی دام ودەزگاکانی حکومەت و دابینکردنی ئاسایش و ئارامی لەپێناو پاراستنی سەروماڵی هاوڵاتیان بەبێ جیاوازی.

5 - بڵاوکردنەوەی هۆشیاری یاسایی لەڕێگای دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە بۆ کەمکردەوەی بیری توندڕەوی و چاکسازی لەهەڵسوکەوت و ڕەفتاری تاوانکاریدا.

**سەرچاوەکان**


1. Chris, H, Keith, H, Emma. W. (2005), *Criminology,* By Oxford University, Press, Inc, New York, p.11

2. سلیم، فەرامۆش کاکەلاو، ماستەرنامە، ٢٠٢٠، *هەڵبەزودابەزی ئاووهەواو کاریگەری لەسەر پشووی فیسۆلۆجی مرۆڤلەپارێزگای هەولێر*، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، زانکۆی کۆیە.

3. أحمد، رشوان حسين عبدالحميد، كتب، ٢٠١٠، *الجريمة وعلم الأجتماع الجنائي*، دار المؤلف للنشر والتوزيع، ط١.

4. الصفان، حسن سعادة، كتب، ١٩٩٦، *علم الجريمة*، مكتبة النهظة المصرية للنشروالتوزيع، ط٣، القاهرة، ص١-٢.

5. طلعت، أبراهيم، كتب، ٢٠٠٩، *البطالة والجريمة دراسات في الأقصاد الأجتماعي*، دار الكتاب الحديث للنشر والتوزيع، القاهيرة، ص١٥٩.

6. الأفريقي، أبي الفظل جمال الدين إبن منظور، كتب، ٢٠٠٥، معجم *لسان العرب (مادة جرم)*، الجزء الثالث، دار الصادرة للطباعة والنشر، بيروت، لبنان، ط٤، ص١٢٩.

7. فوزية، عبدالستار، كتب، ١٩٨٥، *مبادئ علم الأجرام والعقاب*، دار النهظة العربية، بيروت، ط٥، ص١٨٣.

8. رمضان، السيد، كتب، ٢٠٠٨، *الجريمة والأنحراف في المضور الأجتماعى*، المكتب الجامي الحديث، الأسكندرية، ط١، ص١٥٢٩




SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

9. محمد، خليفة أحمد، كتب، ١٩٩٨، *أصول علم الإجرام الأجتماعي*، دار الفكر، القاهيرة- ط١، ص٣١.

10. عدنان، الدوري، كتب، ١٩٩٤، *أساليب الجريمة وطبيعة السلوك الأجرامي*، ذات السلاسل، كويت، ط٣، ص١٥١.

11. أحمد، عبدالخالق، كتب، ١٩٩٦، *أسس علم النفس*، دار المعرفة الجامعية للنشر والتوزيع، الأسكندرية، ط٣، ص٥٤٩-٥٥٠.

12. ربيع، يوسف، عبدالله، محمد شحاتة، جمعة سيد، معتز سيد، كتب، ١٩٩٤، *علم النفس الجينائي*، دار غريب للطباعة والنشر والتوزيع، قاهيره، ط١، ص١٠٢-١٠٤.

13. القهواجي، علي، كتب، ١٩٩٨، *علم الأجرام والعقاب*، الأسكندرية، بدون مكان الطبع، ص٢٤٠

14. الدرة، ماهر عبدالشويش، كتب، ١٩٨٨، *شرح قانون العقوبات*، القصم الخاص، ص٢٥٩.

15. حسني، محمود نجيب، كتب، ١٩٨٢، *قانون العقوبات*، دار النهظة العربية للنشر، ط٥، ص٦٧١.

16. عبدالتواب، محوض، كتب، ٢٠٠٥، *السرقة وأغتصاب والتهديد*، دار الشرقي العربي للنشر، ط٢، ص٨.

17. قانون العقوبات العيراقى، رقم (١١١)، لسنه (١٩٦٩) المعدل.

18. أمين، أحمد، كتب، ١٩٧٣، *شرح قانون العقوبات*، القصم الخاص، بدوون مطبعة، ط٣، ص٧٢٠.

19. قاسم، سيد أحمد علي، أطروحة الدكتوراة، ٢٠٠٩، *الجرائم المرورية في الجزائير*، جامعة أسكندرية، ص٥.

20. حسني، محمود نجيب، كتب، ١٩٧٧، *شرح قانون العقوبات-القسم العام-النظرية العامة للجريمة و النظرية العامة للعقوبة والتبير الأحترازي*، دار النهظة العربية، مطبعة الجامعة القاهرة، ط٤، ص٤٥-٤٦.

21. الزهراني، سمية طلال، بحث، ٢٠٢٤، *استكشاف الصلة بين الجريمة وألأخلاق (دراسة تحليلية)*، مجلة البحوث الفقية والقانونية، العدد ٤٤، ص١١٩٩.

22. العبدالله، نوري سعدون، بحث، ٢٠١١، *العوامل الأجتماعية المؤثرة في أرتكاب الجريمة،(دراسة ميدانية للأثر العوامل الأجتماعية التي تؤدي أرتكاب الجريمة في المدينة الرومادي)*، مجلة جامعة الأنبار للعلوم الأنسانية، العد ١، ص١٣٢.

23. خموين، فاطمة الزهراء، بحث، ٢٠١٩، *الأسرة والجريمة*، مجلة الأجتهاد للدراسات القانونية والأقصاد، المجلد٨، العدد٢، ص١٧٩.

24. علي، عبدالسلام، كتب، ٢٠١١، *البحث العلمي مفهومة وأدواتة وأساليبة*، دار الفكر للطباعة والنشر، عمان، ط١، ص٩٣.

25. الكلابي، مصطفي راشد عبدالحمزة، بحث، ٢٠١٦، *ذاتية الأثبات في الحوادث المرورية*، مجلة كلية الحقوق، جامعة النهرين، العدد٤، ص٢١٦.

# تأثير عناصر المناخ على أنواع الجريمة في محافظة السليمانية

**ملخص:**

العناصر المناخية تأثير كبير على مختلف جوانب النشاط البشري، وخاصة على استقرار الفرد وتوازنه النفسي. يعد فهم دور هذه العناصر في ظهور الجريمة وتنوعها أمرا أساسيا لتحديد مدى تأثيرها وطبيعته، بالإضافة إلى الطرق المحددة التي تساهم بها العوامل المناخية المختلفة في تقلبات معدلات الجريمة وأنواعها، فقد أجري البحث تحت عنوان (تأثير أنواع المناخ على أنواع الجريمة في محافظة السليمانية)، تركز الدراسة على محافظة السليمانية، الواقعة جغرافيا بين خطي عرض 34°55′11″ شمالا و36°30′41″ شمالا، وخطي طول 44°37′54″ شرقا و46°20′56″ شرقا، وتغطي مساحة قدرها 14,047.97 كيلومترا مربعا. وتضم المحافظة إداريا ١٣ قضاء. ينقسم البحث إلى ثلاثة أقسام رئيسية. يقدم القسم الأول مراجعة مفاهيمية للجريمة والنظريات الرئيسية التي تفسر السلوك الإجرامي. يتناول القسم الثاني خصائص المناخ الإقليمي، والعلاقة بين العناصر المناخية ومعدلات الجريمة، والتباين الموسمي في أنواع الجريمة في محافظة السليمانية. أما القسم الأخير، فيتناول تحليل البيانات المجمعة وتفسيرها باستخدام مناهج وصفية وتحليلية ومقارنة. تكشف النتائج عن وجود علاقة بين التباينات الموسمية ومعدلات الجريمة وأنواعها. تلعب العوامل المناخية دورا هاما في تشكيل السلوك الإجرامي، حيث تسهم في الجريمة من خلال تأثيرها على الاستقرار الفسيولوجي للإنسان.

**الكلمات المفتاحية:**

(تغير المناخ - محافظة السليمانية – التفكك الجريمة - الاجتماعي - الصراع الثقافي)

# The impact of climate factors on crime types in Sulaymaniyah Governorate

**Summary:**

Climatic factors significantly impact various aspects of human activity, particularly individual stability and psychological balance. Understanding the role of these factors in the emergence and diversity of crime is essential to determining the extent and nature of their impact, as well as the specific ways in which various climatic factors contribute to fluctuations in crime rates and types. This research was conducted under the title "The Impact of Climate Types on Crime Types in Sulaymaniyah Governorate." The study focuses on Sulaymaniyah Governorate, which is geographically located between latitudes 34°55′11" north and 36°30′41" north, and longitudes 44°37′54" east and 46°20′56" east, covering an area of 14,047.97 square kilometers. Administratively, the governorate comprises 13 districts. The research is divided into three main

sjh@univsul.edu.iq

sections. The first section provides a conceptual review of crime and the main theories that explain criminal behavior. The second section examines regional climate characteristics, the relationship between climatic elements and crime rates, and seasonal variation in crime types in Sulaymaniyah Governorate. The final section analyzes and interprets the collected data using descriptive, analytical, and comparative approaches. The results reveal a relationship between seasonal variations and crime rates and types. Climatic factors play a significant role in shaping criminal behavior, contributing to crime through their impact on human physiological stability.

**Keywords:**

(Climate Change - Sulaimani Province - Crime - Social Disorganization - Cultural Conflict)